وەزارەتی ناوخۆ ئەپراسیۆنێکی ئەمنی لە ئەعزەمیە جەبەجەدکات

وەزارەتی ناوخۆ ئەمڕۆ سەشەمە، ڕایگەیاند کە ئەپراسیۆنێکی ئەمنی لە ناوچەی ئەعزەمیە جەبەجەدکات.

وەزارەتی ناوخۆ لە یەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە:- کە هێزێکی پۆلیسی ڕەسافە لەگەڵ هێزێکی ڕەسافەی یەکەم فەوجی فریاکەوتن و تیمەکانی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانی دیکە دەستیان کرد بە پشکنین لە ناوچەی ئەعزەمیە لەبەغداد بەسەرپەرشتی وەزیری ناوخۆ عەبدولئەمیر شمەری.

ئاماژەشی بۆکرد کە لەدەرەنجامدا 72 کەس دەستگیرکران کەسەرپەچی یاسایان کردبوو ، 32 بیانیش دەستگیرکران لەبەر سەرپەچی لە یاساکانی نیشتەجێبوون ، جگەلە چوارکەسی دیکە کە بەنایاسایی چەکیان هەڵگرتبوو لەگەڵ دەستگرتن بەسەر چوارپارچە چەکی نایاسایی، هەروەها کەسێکیش دەستگیرکرا کە 20 بوتەی خواردنەوەی کحولی پێبووە، هێزەکانیش پاش تەواوبوونی ئەپراسیۆنەکە بەسەلامەتی گەڕانەوە بنکەکانی خۆیان.